

# بورجی بابل (*)

**ڕزگار لوتفی**

داستانی دیتنەوەی بابەت و بیرۆکەی یەکەمی چیرۆکەکانی ئێرە، لە داستانی هیچ هەرێمێکی تری دنیا ناچێت، وەک ئەوەی خۆ بکەوی و لە خەزێنەیەکی گەورەدا بۆ زەنگیانەیەک بگەڕێیت، بۆ ئەم مەبەستە، هەمدیسان دەبوو لە ماشینەکەم جیا ببمەوە، دووبارە هەستی ڕەفیقێکی نیوەڕێ دام بگرێ و تا لێی دوور بکەومەوە، زیزیی، وەک خێوەتێکی چرچۆڵ، ئازای لەشی بتەنێ و هەیبەتی پێشووی بگۆڕێت، دڵنیابوونی نەدەویست، هێشتا جیکەی قوفڵە ناوەندییەکەی لە گوێما دەزرینگایەوە، ئەورۆ شەش ڕۆژ بوو پیاسەی ئێوارانم نەکردبوو و تەنیا بە کاری ڕۆژانەمەوە سەرقاڵ بووم، پیاسەی ئێواران بۆ تەندروستی باشە، دڵ و دەروون پاراو دەکات، ئاوڕێک بۆ دواوە دەدەمەوە؛ وێکڕای گڵۆپەکان کوژاونەتەوە و تەنیا نیۆنی سەر شووشەی نووسینگەکەم داگیرساون. مۆبایلەکەم دەردێنم و تەلەفوونەکەی ماڵەوە دەخەمە سەر سەما:

"کەمێک درەنگ دێمەوە، ئێوە نانەکەتان بخۆن."

قەرەباڵغییەکەی ڕووبەڕووم سەیرە!

ماشینێکی پڕ لە کوولەکە ئاپۆڕەی گرتووە.

– کوولەکەی جوانمان هەیە.. ئەڵێی ڕوحی بەشەرە!

ڕوحی بەشەر! تۆ بڵێی ڕوحی بەشەر نارنجی بێ و من نەمزانیبێ؟!

نازانم چۆن وەڵامی ئەو هەموو موشتەرییەی پێ دەدرێتەوە و هاوکات فریای بانگەوازیش دەکەوێت، بە وردی لێی دەڕوانم و تا ئەو شوێنەی بۆم دەگونجێ سیما و ئاکاریان بە زەینم دەسپێرم؛ ڕۆژێک لە چیرۆکێکمدا بە دەنگمەوە دێن و یارمەتی چنینی تەونەکەیم دەدەن، چریکەیەک بە قاچی ڕاستمدا دەگەڕێ و لە مووڕەغەی پشتما دەمۆڵێت.

هۆی بێ جووڵەییمە؟
نازانم.
سەیران نابەدڵ تەلەفوونەکەی داخست. هەمیشە وا بووە و قەت لە نۆرم ناکەوێت، شەوان پێی ناخۆشە درەنگ بڕۆمەوە، حەز دەکا پێکەوە سفرەکە بچنین و لە قەرەباڵغیدا وەیپێچین.
"بیییییب!"
– ئەوە هۆشت لە کوێیە کابرا؟!
ئەم ماتۆڕسوارانە بۆ هارووژاون؟! ویژەویژ، ورەوڕ؛ دەڵێی پەلاماری هێلانەکەیان دراوە! تا دەگەمە کافە کاژە، دەبێ بیست خولەکی تر دەوام بێنم، پێم هەڵدێنم و چریکەکان تێدەپەڕێنم. بیری بابەک دەکەومەوە؛ بێ ئەو، قاوەی ئێسپرێسۆ و لێدوانی کافە لوتفی نییە. ژمارەکەی دەگرم؛ "مۆشتەرەکێ مەوریدێ نەزەر، دەر دەسترەس نەمیباشەد." ئەغلەب ئەم ژنە دەنگناسکە وەڵام دەداتەوە. ئەمشەو نۆرە چیرۆکمە، پیاسەیەکی ئێوارە، دیداری چەند هاوڕێ، قاوەیەکی ئێسپرێسۆ و ئەگەر بەختەوەر بم سووژەیەکی باش نێچیرمە؛ شەوگاری پاییزیش بێ گومان دەیخەملێنێت، دەبمە تیزاب و بە ناخی دیمەنەکانی دەوروبەرما ڕۆ دەچم، گوێم قوڵاغ دەکەم، تیوتیوەی نیگام دەدەم، هەستم ڕادەگرم و پنتک بە پنتک لە دۆزێک دەگەڕێم سەرەداوێکی تێدا بدۆزمەوە.
– سەلام کا کەیوان.
هوشیاری هاوڕێمە، هەمان دوو چەرخەی ساڵانی زووی پێیە، چ چاوبرسی! نیوەی بانەی لەسەر تاپۆیە، کەچی هێشتا هەر کلاسیک دەئاژوێ! چریکەکە قاچی چەپیشم دەگرێتەوە. دەڵێی تیژبڕێکت پێیە بە لالۆقی قاچمای دەهێنی و تا مووڕەغەی پشتم ناوەستێتەوە، پشوویەک دەگرم، هوتێل سامان شانی لە منە، دارتەلەکەی تەنیشتی وەک نێزەکی جەنگاوەرێکی کەونینە لە پەنایدا چەقیوە، کاتێک ئەم هوتێلە چێ کرا، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بوو بە دەستەواژەی سەرزاری دانیشتوانی شار، بەڵام ئێستا، ئێستا کەم ناوی نایەت و ئەوە هاوچەشنەکانێ سەر لە ئاسمان دەسوون، بانە، لە دۆخی تازە لاویدایە؛ کتوپڕ باڵای کێشاوە و بەرەبەرە خەریکە سمێڵی بۆر و دەنگی گڕ و بەژنی دەشنێتەوە.
سەیران نەیوت ئەمە بێنەوە، ئەوە بکرە، ئەوەشت لەبیر نەچێت؛ هەر خێرا تەلەفوونەکەی داخست و پێوەندییەکەمانی پچڕی، چریکەکە تا دێ بە تەوژمتر دەبێ. جاروبار دەبێ پێی بۆ ڕابگرم و هەڵوێستەیەک بکەم، دەڵێی گرێیەک لە مووڕەغەی پشتما دەڵەمەی بەستووە، وەک ئەوەی چنگاڵێکت لە ناو قەدی ڕشتەی دەمارەکانم خستبێ و پڕ بە توانستی خۆت باتدابێ و تا تەواو نەتگلۆڵاندبێ، دەم بەدەم هەڵتپێچابێتەوە. ئەم کردەیە گشت ڕایەڵی دەمارەکانمی کێشاوە و لە لووتکەی لێکپساندا هێشتوونیەتییەوە، لەبەردەمی ڕێبواربانکەکاندا پشوویەک دەگرم، سەرلەبەری ڕۆژ تا ئێوارە ئەم شۆستەیە جمەی دێ؛ دەرگای بانکەکانی ئێرە بە چوارچێوەکانیان نامۆن، کەچی هێشتا تموحی ئەم موشتەریانە ناشکێ و ئان بە ئان ئەنگوستیان لەسەر دوگمەی دەزگاکان دەسیرێنێت.
"وام نامەحدوود با کارمۆزد هیجدە دەرسەد!"
"وام پانسەد میلیۆن ڕیاڵی با شەرایێتێ بازپەرداختێ عالی!"
"..."
دەکەومە بیری جوولەکەکانی سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر، سێ هەزار ساڵی ڕەبەق، شێوازی پارەبەقەرزدانەکانیان لەگەڵ ئێستای ئێرەدا بەراورد دەکەم؛ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە. تەنیا جۆری دراوەکانیان گۆڕاوە و بەس:
"جوولەکەکە داوێنی عەبا ئەستووره خەتخەتییەکەی کۆ دەکاتەوە و لەسەر کورسییە گوێزینییەکە دادەنیشێت، ڕیشە پانە خەنەییەکەی لە مست دەگرێ و سێ/چوار جار هەڵیدەسرێنێت، پاشان بە ئەنگوست، برێ یاری بە نەرمانکی گوێچکەی دەکات و بزەی دەکاتەوە و لە تاپۆی سەرمێزەکە دەڕوانێت. گلێنەکانی چەندان جار هەراو و تەنگ دەبنەوە، هێشتا دڕدۆنگی لە نیگای نەتاراوە و لە دەلاقەی چاوەکانیرا، ڕووپەڕی تاپۆکە و سیمای هەڵچرووسکاوی وەرزێرەکەی بەرانبەری هەڵدەسەنگێنێت، پاشان دەست دەبا لە چەکمەجەی مێزەکەی بەردەمی، کیسەیەکی مەخمەڵی بچووک دەردێنێ و گرێکەی شل دەکاتەوە و هەڵیدەڕێژێتە سەر مێزەکە، دوای ماوەیەک هەڵبەزین، لیرەکان دادەمرکێن، خۆر لە دەلاقە بەرزەکەی هۆڵی عیمارەتەکەوە بە پارچە ونبووەکانی خۆی شاد دەبێتەوە و پەیتاپەیتا هەڵدەبریسکێت؛ لێ هێندە ناخایەنێت هەست دەکا پارچەکانی لەشی، بێبەزەییانە لە هێڵەک دراون و

تۆزاڵی جەستەیان وەرێنراوە و بێ دەماخ کەوتوونەوە.
– یەک.. دوو.. سێ.. چوار.. .. ئەمـــەش دوانزە، ئەم دوانزە لیرەیە بۆ شەش مانگە. ئەگەر پاش ئەو ماوەیە نەتتوانی بیانگەڕێنیتەوە، ماڵ و مەزراکەت هەڕاج دەکرێ و بەهرەکەشی دەبرێت.
مـوشتەرییەکە بە ئەستەم لەبەر تەوژمی سەرمای کولێرگازییەکە هەڵدەستێ و دەست دەبا چەک/ پووڵەکە لە بەڕێوەبەری بانکەکە وەردەگرێ و دوای سپـاس و پێزانینێکی زۆر، پاشەوپاش دەکشێتەوە و شان دەکاتەوە بەناو گەرمای تاقەتپڕووکێنی شەقامەکەدا."
کاتێک بەخەستی لێرە دادەبڕێم و هەوساری خەیاڵم بەردەدەمەوە، ژانی چریکەکەشم هێور دەبێتەوە و مەیلی هەنگاونانی دووبارەم دەبزوێت، تەونی سەرەتایی چیرۆکەکەم بەدڵە و ئەگەر کەمێ تراو و برێ ڕەمزاوی بکرێ، لەوانەیە بیر لە بڵاوکردنەوەی بکەمەوە، چرای سەر چوارڕێیانەکە سەوزە، بەهەڵەداوان شەقامە لاوەکییەکە دەبڕم و پێ دەنێمە سەر شۆستەکەی ئەوبەرم، دەگەمە بەر ڕاستەی نووسینگەکانی خانووبەرە، تاقوتەرا دانخراون و لە دەمودووی مردوو دەکەن، لێرەوە هاڵاوی کەساسییەکەیان دەژنەفم؛ بۆنێک لە قوماشی کاسپییەکەی خۆم، تامێک لە هەمبانەی بژێوییەکەم!
– سەلام کاکا!
– سلاو کاک جەواد؟ حاڵت چۆنە؟ ئەوە بۆ لێرەی؟!
– وەڵڵا چ بۆشم، دیسان وە شوون ماڵی ئیجارەوەم.
– ئەی ئەو ماڵەی بۆم دۆزیتەوە؟!
– وەللا کاکا وەدەردم نییەخوارد، فرە گران بوو.
"..."
جەوادە، موشتەرییەکەی ئەمرۆم؛ چوارشانەیەکی باڵابەرزی مووکاڵ، بە تاقە قاچێک و جووتێ چێوشەقی ئیستیلەوە، هێشتا سەرگوزەشتە تاڵەکەی بەری نەداوم و وەک سیپاڵ بەسەر گیان و ڕوحمدا تلیساوەتەوە، کەچی وەک جنۆکە لەبەر دەممدا سەوز بۆتەوە و دوکانە و دوکانیەتی:
(– کاکا ماڵی ئیجارەتان هەیە؟
– جا بۆ لەدەم دەرگاوە؟ تەشریف بێنە ژوور.
– هەر لێرە باشە، پلەی موغازەکەتان بوڵەندە، بۆم سەختە بێمە ناو.
– ئەی من چکارەم برا، دا پێت هەڵبێنە.. ئەها.. هێواش.. ئەها.. زۆر باشە.. سەرامیکەکان لووسن.. وریابە نەخزێیت.
– مەمنوون کاکا.
– مەمنوونی ناوێ برا، فەقەت زەحمەت بکێشە لەسەر ئەم سەندەڵییەیان دانیشە. ئەمەیان بە من نزیکترە.
– دەسخۆش.
– بە لەهجەتا دیارە خەڵکی بانە نیت؟
– بانەیی نیم، وەلێ یە جوورایی بانەییشم!
– یانی چی؟!
– یەعنی هەم بانەییم و هەم بانەییش نیم!
– کونجکاوت کردم، ئەکرێ کەمێ شی بکەیتەوە؟
– وەڵڵا برار من لەکم، ئەهلی بۆروجێردم، لۆڕستان! وەلێ خەیلی وەقتە هام لە بانە. حەتتا یە جوورایی لە خاکی بانە ڕیشەم دەواندووە!
– ڕیشە؟!
– بەڵێ، ڕیشە. پایەکم لە ئاربەبا دەفن بووە!
– پایەکت لە ئاربەبا دەفن بووە؟!
– داستان دێرێ براگەم، نویسەندەی گەرەکە.
– ئیتفاقەن من ئاشقی ئەم جۆرە داستانانەم، کارم داستانە، ئەگەر حەوسەڵەت هەبێ و بتوانی داستانەکەتم بۆ بگێڕیتەوە، لەوانەیە بتکەمە کارەکتەری سەرەکی داستانێکی باش.
– خاڵوو واز بێنە! داستان چ فایدە دێرێ؟ من ماڵی ئیجارەم گەرەکە، ئیجارە!
– ئیتفاقەن قازانجی زۆرە، پاداشتەکەی، ماڵێکی ئیجارەی شیکە بە دڵی خۆت!
– یەعنی ئەگەر من داستانەکەم تاریف بکەم، تۆ ماڵێکی ئیجارەم بۆ دەستوپا ئەکەی؟!
– دڵنیابە، من هەموو سەعی خۆم ئەکەم، ماڵێکت دەسکەوێ بە دڵی خۆت.
– چتەور شرووع بکەین؟
– سەرەتا خۆت بە خوێنەران بناسێنە، دوایی داستانەکەت وەگێڕە.
– فرە خاسە. ئەهـ.. سەلام ئەزیزان. وەختان بەخێر. ئەگەر گەرەکتانە من بناسن، ئەمە شناسنامەی منە: من ئینسانێکی بەدبەختی چولاغم، دەرماندەیەکی بێ پام، بێ کەسی بێ سوودم. سەرباری مەردوم و جامعەم، وەدەرد هیچ شتێگ ناخوەم. حەتتا ناتوانم شەلوارێکی ناقابیل بکەمە پام، سۆب کە بیدار ئەوم، ئیبتدا فکر لەو ڕووزە ئەکەمەوە ئەبێ چ بکەم؟ چۆن کارەکانم ئەنجام

بدەم؟ چۆن حەمام بکەم؟ چۆن لیباس بپۆشم؟ چۆن لە تەبەقەی دووەمی ماڵەکەمەوە بە ڕاپللە بێمە خوار؟ ئەسڵەن ئەگەر لە ماڵ دەربچم وەکووره بچم؟ چ کارەیلێ ئەتوانم ئەنجام بدەم؟ چ کەسەیلێ ئەتوانم ببینم؟ چ شەخسەیلێ تەحەموولی من دەیرن؟ ئایا ڕەفیقێ حازر ئەوێ وەختی ئەڕای من دابنێت؟ خسووسەن بۆ شەخسێکی بێ پوول و پەلەی وەک من؟.. خاڵۆ ئەمە کافییە؟

– نا، ئەگەر زەحمەت نییە کەمێک زیاتر بدوێ.

– چی بەوشم؟ سوئال بکە برار!

– ئەی حقووقی مانگانەت هەیە؟

– بەلێ، وەلێ فرە ناچیزە، کەفافی زیندەگی نادات.

– ئەی بۆ نالێی مردوویەکی موتەحەڕیکم و خۆت خەلاس ناکەی؟!

– هەر وەسە.. لەم زیندەگییە نەفرەتییە تەنیا بدۆبدۆیەکم بۆ ماگەتۆ و بەس، بەیەک پا و ئەم دوو چەوشەقە سەگمەزەبەوە!

– ئەی کاتێک سەیری ڕابوردووت دەکەی چی ئەبینی؟

– زیندەگیم برار، ئەو زیندەگییەی لە بان قوللەی ئاربەبا دەفنم کردووە.

– داوای لێبوردن لەوەی ئەتگێڕمەوە بۆ ئەو بیرەوەریيە ناخۆشانە.

– نا کاکا، ئەگەر ماڵێکی ئیجارەم بۆ گیربانی موشکل نییە.

– دڵنیابە یارمەتیت ئەیەم.

– قەولی بونگاداریێ، یان داستاننویسیێ؟

– قەولی داستاننویسیێ!

– ئاخر من ماڵێکم گەرەکە لەتەک ئینسانێکی یەکپا هەماهەنگ بێت؟

– هەوڵ ئەدەم ڕازیتان بکەم.

– پەس ئەلانیش ئۆمێدێ بە زیندەگی ماوە!

– هەرجۆر لێکی ئەدەنەوە، من ناچارتان ناکەم داستانەکەتانم بۆ بگێڕنەوە، بەڵام ناشیشارمەوە کە موشتاقی گوێگرتنم.

– کاش لە مەکانی ئیتتفاقەکە بووینایە برار و لەوڕا ماجەراکەم تەعریف بکردایە.

– حەز ئەکەی بچیتەوە سەر ئەو شوێنە؟

– چ تەور؟!

– ئەیژم دوست دێری بچیتەوە بۆ مەکانی ئیتفاقەکە.

– ئەرێوەڵلا.

– بۆ؟!

– چون زیندەگیەکەم لەوێ دەفن کردووە.

– جا تازە خۆ ناگەڕێتەوە؟

– ناگەڕێتەوە قەبوول، وەلێ حال و هەوام عەوەز ئەکات، ئێحتمالەن بەوێ دووبارە سەرگوزەشتم مروور کەم و لە تەک ئەو یەکپایەی ترمدا ئێرتبات بەرقەرارکەم.

– ئەم ماجەرایە هی کەیە؟

– حدودەن پەنجساڵ پێش.

– لە کوێی ئاربەبا ڕووی دا؟

– پایەگاکەی سەر قوللە بەڵەدی؟

– من ئەغڵەب ڕۆژ لەوێم.

– ماهێ شەهریوەر بوو کاکا، لە تەک گرووی مینڕووبی چووبووینە بان کێفەکە. ئەو ڕووژە فرە دڵم گیریابوو، ئێحساسم ئەکرد ئیتفاقێک ڕوو ئەدات، لە نیم ساعەتی ئەوەڵدا چوار مینمان جەم کرد، بارەندەگی مینەکانی لە تەک خۆی بردبوو تا چەند مەتر خوارتر و بە دەورا پەخشی کردبوون، تێعدادێکیان هاتبوونە سەتحی زەمین، فرە زوو پەیدامان کردن، مابەقیان زەحمەت و دقەتی فرەتریان گەرەک بوو، وەقتێ دەزگای مینیابەکەم ئەگێڕیا، ڕەفیقەکەم حەسەن فەریادی کرد و بۆۆۆمممم! من بە سەدای ئینفجارەکە چەند مەتر پەرت بووم، گەردۆخاک بولەند بوو، ئەترافم هەمە تاریک. چاوەیلم کووری کوور!

– یانی مینەکەت تەشخیس نەدا؟!

– ناوەڵلا برار!

– ئەی دەلیلی هاواری حەسەن چی بوو؟

– مینەکەی دیبوو کاکا!

– ئەی تۆ چۆن نەتبینیبوو؟

– خەتای دید، نییەزانم بۆ ئەو ڕووژە کوور بووم، تەقدیرە براگەم، تەقدیر. کەس نیەتوانێ وە دەست تەقدیر فەرار بکا!

– ئەی دواتر؟

– من بیهووش کەفتم، ئیتر چۆن هاوردمیانە خوار، خودا زانێ، وەقتێ بەهووش هاتم، لە بیمارستان لە بان تەختەکە کەفتبووم، ئەو زەمان زانیم ئەم پایەم بۆ هەمیشە لە دەست چووگە.

– ئەی لاقەکەت چی بەسەر هات؟

– هەر لەو بانە ما.

– ئیتر چاوت پێی نەکەوتەوە؟

– نا برار، بەعـدەن شـۆنۆفـتم هەر لەو بانە دەفنیـان کردووە، وەلێ موتمەئێننم بووگەتە غەزای سەگەیلی ئەو مەنتەقە!

– وەک ئاگادار بی، ئێستاش ئاربەبا مینی لێ ماوە؟

– خالۆو گیان ئەلانیش پڕە لە مین، پەنجاه/شەست ساڵی دیکەش کێفەکانی کوردستان پاک ناون، لە چەند نەسلی ئایەندەشا هەر قوربانی ئەسێنێ.

– باشە ئەم هەموو مینە بۆچی؟

– چۆن بۆچی خالوو؟! بۆ مۆهافێزەت!

– مۆحافیزەت لە چی؟!

– لەم کیان و سەرزەمینە.

– خۆ ئێرە خەتی سفری مەرزیی نییە! تازە ئەگەر خاڵی سفریش بێ، خۆ ئەوە نییە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا مەرز بوونی مەتریالی خۆی لەدەست داوە، چ بگا بەوەی مینڕێژیش بێ؟!

– ئاخە برار ئەوان دوشمن دەروونی و بیروونیان نیەسە!

– ئەی ئێمە بۆ هەسمان؟!

– چووزانم خالوو! چووزانم! من تەنیا ماڵ ئیجارەم گەرەکە، ماڵ ئیجارە!)

بەرەبەرە خڕی مانگ لە بابۆس مەودا دەگرێ و بەرەو عەرش هەڵدەکشێت، بڕێک لێی ورد دەبمەوە و نەخشی سەر ڕووپەڕەکەی تاووتو دەکەم، لە سیمای پیرێکی نوورانی دەگەڕێم و پتر پێوەی هەڵاوگیر دەبم؛ تریفەکەی هێند بەهێزە چاوەکانم بەشەوارە دەخات و پێم هەڵەنگوێت. ڕەتەڵ دەبەم و هەنگاوێک پێشتر هەڵئەدێردرێمە ناو جۆگەلەی قەراغ شۆستەکە، کەڵەکەی ئەژنۆم دەزیڕێنێ و مووچڕکەکانی موورەغەی پشتم، لەبیر دەچنەوە. لەم لاولای خۆم هەڵدەڕوانم و بە ئەستەم دێمەوە سەر پێ، بەرەدەستم ڕووشاون و خوێنیان تێزاوە، چیتر نارِوانمە ئاسمان و هەوڵ دەدەم بە شەلەشەل هەنگاو بنێم، دە/پانزە شەقاو بەرەوپێش دەجووڵێم و دەمەوجێ هۆڕنی تاکسییەک ڕامدەگرێ.

– شەقامی بیمارستان!

خودا وەیحەسێنێ وەک من دەحەسێنێتەوە، خۆم دەخزێنمە ناو بێشکەیەکەوە و دەستە پڕ بازنەکەی دایکم دەکەوێتە ڕاژەندنم، بەرەبەرە زیڕەی کەڵەکەئەژنۆم هێور دەبێتەوە و گوێ بۆ ئاهەنگە ڕاکە فارسییەکەی تاکسییەکە ڕادەگرم؛ شۆفێرە گەنجەکە سەر لەنجە کەوتۆتەوە، بەهەوای ڕیتمی موزیکەکە، وردەشەپۆل بە لەشیا دەگەڕێ، هەست دەکەی مەچەکی ژنێکە و ناوەناوە بازنەیەکی زێڕی پێدا تێدەپەڕێ.

لەبەر کتێبفرۆشی ئایەندە دادەبەزم، دوو ڕیز نا، چوار ڕیز ئۆتۆمبێل سەر یەک کەوتوون و لمۆزیان لە پاشەڵی یەک جووت کردووە، شەقامە باریک و زەردەڵەکە بڕستی نەماوە، لە ژێر تایەری ئەم ڕێژە ئۆتۆمبێلەدا هانکەیەتی، دەگەمە بەر پێشخانی کتێبفرۆشییەکە، ڕۆژنامەکان لەدەم پێشخانەکەدا دەستچن کراون و سنگیان بەرەوڕووم هەڵناوە:

"شێکەستێ خێففەتبارێ بارزانی"

"شووخییە مۆزحەکێ ڕێفراندۆم"

"پایانێ ڕۆئیایێ ئێستێقلال"

"..."

یەک بەیەک تیتر و سەردێڕی وتارەکان بە بەر چاوما ڕێژە دەڕۆن؛ هەر یەکەو چەندان جار، بۆ ئەوەی بە زێهنیان بسپێرم و دواتر بیانکەمە سووژەی چیرۆکەکانم، هەوڵێکی ئەوتۆیان ناوێ. هێند بە زەقی سنگی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیان ڕازاندۆتەوە دەڵێی گەردنبەندی خشڵن لەسەر مەڕمەڕی سنگێکی بەفرین، بەرەبەرە چریکەکانی پشتم بە تەوژمتر دەبن، خێری کڕینی ڕۆژنامەکان دەبەخشمەوە، کافە کاژە چەند هەنگاوی تری گەرەکە. سەیران تەلەفوونەکەی بێ ئەوەی داوای شتێ بکا داخست، ژنێکی گەنج شان لە شانم دەکوتێ و نیو خول دەسووڕێ، گورج تەوێڵی تێکدەنێ و مەودام لێدەگرێ."شکەستێ.. مۆزحەکێ.. ئێستێقلال". دەگەمە بەر دەواخانەیەک، دەرگا شووشەبەندەکەی کافە کاژەم بەجێ هێشتووە، وەردەسووڕێم و مووچڕکەکانی پشتم بەیلاقم دەکەن، خۆم لە تووناوتوونی پیلکانەکانی کاژە دەدەم، مۆسیقای فارسی ناو هۆڵەکە وڕەوڕی ئۆتۆمبێلەکانی شەقام دەخنکێنێ، یەک، دوو، سێ گەنج و هەر یەکیان بە تەنیا لەسەر مێزێکی چوارکەسی دانیشتوون، هیچ کامیان سەریان لەسەر مۆبایلەکانیان بەرز ناکەنەوە، دەچمە سووچە تەریکەکەی خۆم و لەسەر کورسییەکی دارین دادەتلیسێم، دووبارە ژمارەکەی بابەک دەگرمەوە: "موشتەرەکێ...". دیسان هەمان خاتوونە. "شوخییە.. ڕۆئیاییێ.. بارزانی". گاڕسۆنەکە دەزانێت بەچی سوکناییم دێت؛ دەبڵ ئێسپرێسۆیەکم لەبەر دادەنێ و تیزەبزەیەکم ئاراستە دەکات، وەڵام وەرناگرێتەوە،

دەفــتــەرەکــەی باخــەڵم جــینگڵــیــەتی، چ پڕ هەست فـارسییـەکـەی دەلاوێنێـتـەوە ئەو گـۆرانیـبێژە. گـەنجان هێـشـتـا سـەریان نەوییـە و شـاشـەی مـۆبایلەکـانیـان دەتریفـێنێت، پێنووس دەخـەمـە سەر لاپەڕەیەکی سپی، وشە دێت؛ وەک کانیاوێکی وشکارۆ سەرچاوەی گرتبێ. وەک زامـێکی کـۆن کـولابێـتـەوە و بەسـتـێنی لاپەڕەکـە بخووسێنێت:

(شەرەفـخان کە کورسییـەکی لە ڕیزی پیـاوماقووڵ و ڕیشسپی و گەورەکانی شار بۆ تەرخانکرابوو، بەئەستەم لەجێی خۆی هەستا و پشتی ڕاست کردەوە و بەیارمەتی گۆچانە نەخشێنراوەکەی، خۆی گەیاندە پشت تریبۆنەکە، بەرلەوەی دەست بە قسە بکا، چاویلکە چاوبازنەییەکانی لە باخەڵی دەرهێنا و ئەو حەشیمەتەی پێ بەسەر کردەوە کـە تا بەر بینا چەند قـاتەکـانی ئەوبەر کـشـابوون و ئالاڕەنگاوڕەنگەکـانی دەسـتـیـان کـەرۆیشکەی دەکـرد، قومێک ئاوی لە پەرداخە نانۆکە خواردەوە و کۆکییە ناو مستی و وتی:

خەڵکی بەشەرەفی شار!

ئەمڕۆ ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە تا خەونی لەمێژینەی ئەژدادەکـانمان بێنینە دی و پەردە لەسـەر بینایەک لادەین کە لە قـۆناغـە جۆربەجۆرەکـانی مێـژووی ئەم هەرێمـەدا نەمـانتـوانیـوە بەشـێـوەیەکی شـیـاو، لەسـەر بناغـەی قـەلاکـۆنەکـەی شـار جـێی بکەینەوە و وەک ناسنامـەی شـارەکەمـان بە دنیـای بناسێنین، هەمـوومان دەزانین کـە هیچ وڵات و شـارێکی دنیـا نیـیـە پێکهـاتەیەکی ڕەمـزاوییـان نەبێ و وەک ناسنامـەی دەڤـەرەکـانیـان نەیانناسـاندبێت؛ تەنیـا ئێـمـە مـاوین کـە سـەرەڕای مـێـژوویەکی دوورودرێژ و خـاوەنداربەتی کـولتـوورێکی مەزن، نەمانتـوانیوە ڕەمزێک بۆ شارەکەمان ڕۆ بنێین و خۆمان هەڵکێشینە ڕیزی شارەناسنامەدارەکانی جیهان.

بەڕێزان!

ئێستا کە بەهیمەتی هەندێ لە پێشەنگە دڵسۆزەکانی شار، توانیومانە لە دڵی سووتمانی ئەم قەلاکۆنەوە دووبارە بورجێک بنیاد بنێینەوە و بیکەینە ناسنامە و فـەخری شارەکەمان، هیوادارم دیسانەوە شەڕەدەندووکەکانی چون: شاری و لادێیی، گەڕەکبازی، تاقم و دەستەچییەتی و ئالاگەرییەتی نەبنە هۆی ئەوەی کە وەک ساڵانی زوو ڕانواندنی ئەم پێکهاتە گرنگە پەکی بکەوێ و دووبارە بمانبەنەوە بۆ سەر خولگە بێ سەمەرەکەی ڕابوردوومان، بەو هیوایەی ئەم جارەیان، بەگیانێکی لەخۆبوردوو و بە مێشکێکی پڕ ئەزموونەوە لێرە کۆ بووبێتینەوە و وێکڕا بەپیر ئەم ڕووداوە گرنگەوە هاتبێتین.

ئینشائەڵلا.

٥٢ی ٩ی ٣١٤١ی کۆچی هەتاوی.

هێشتا شەرەفخان کاغەزی وتارەکەی نەپێچابۆوە کە یەکێک لەناو جەماوەرەکەوە دەنگی هەڵبڕی و وتی:

– ئێمە دانیشتووی گەڕەکی سۆرانین کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شار، ئەو بورجەی دروستتان کردووە ڕوو بە ئێمە دەلاقەی تێدا نییە!

یەکێکی دی بۆی ستاندەوە و وتی:

– بەرە و باکووریش دەلاقەی تێ نەگیراوە.

یەکی دی وتی:

– لە جیا ناوەکەی، با مۆنیومێنتی چەکووچ و داسی لەسەر بچەقێنین.

یەکی تر وتی:

– ئێمە زۆربەمان موسڵمانین، ئەگەر بە دیموکراسیش بێ، دەبێ مۆنیومێنتی مانگێکی سێ شەوەی لەسەر دابنرێت.

یەکی دی وتی:

– شین ڕەنگێکی لەبەر دڵانە، با بورجەکە بەم ڕەنگە ئاسمانییە برازێتەوە.

– سەوز ڕەنگی ژیانەوەیە، سازکردنی ئەم بورجە، خاڵی وەرچەرخانێکی گرنگە بۆ شارەکەمان؛ با بەڕەنگی سەوز وەرازێت.

...

هەریەکەی شتێکیان وت و بوو بە هەراوهۆریا. شەکانەوەی ئالاکان تا ئەو ئاستە پەرەی گرت کە دەتوت ڕەشەبایەکی چەتوون هەڵیکردووە و پێناچێ بەم زووانە دامرکێتەوە.

پەنادەستییەکەی شەرەفخان، کۆنەجوویەکی پیر بوو؛ دەمی بردە پەناگوێی وتاربێژەکە و بەدەنگی بەرز وتی:

– بورجی بابل! بورجی بابل پڕ بە پێستیەتی. ئەم بینابەرزە جگە لەم ناوە فەرامۆشکراوە، هیچ ناوێکی تری لێ ناکاڵێتەوە!)

*** کتێبی "سەردەمی دێرین"، بەشی "بەدیهێنان"، ئایەتی "یازدە".**